www.kurdistannet.org



# بانگەواز

**هاونیشتمانانی خۆشەویست!**
**بەڕێزان پارت و لایەنەسیاسییەکانی کوردستان!**

لە پێناو جێگیر بوونی ستراتێژێکی یەکگرتووی کوردستانی وەك پێداویست و زەرووره‌تێکی مێژوویی لە بەرهەمی دانیشتنەکانی ئێمە، سەرەنجام کۆبوونەوەی دوایی بە بڕواری ٢٠٠١/٩/٩ گەیشتنەیەك و بڕیاری دا گەلاڵەی بەرەی نیشتمانیی کوردستان بە لانی هەرە کەمەوە ڕابگەیەنێ. لەم پلەیە دا و لە ڕوانگەی ئەرکی نیشتمانپەروەری و ڕزگاریخوازی یەکجاریەوە بە ئەرکی سەرشان و حەیاتی دەزانین کە بانگ لە گشت لایەن و کەسایەتیە سیاسیە کوردستانیەکان بکەین تا بۆ بنیادنان و سازدانی دەزگا و ستراتێژێکی یەکگرتووی کوردستانی و نەتەوەیی، دەرگای باس و وتووێژ و پێکگەیشتن لێکتر بکەینەوە.
ئێمە لامان وایە و بێگومان ئێوەش لە گەڵ ئێمە هاوەدەنگن کە ڕێگای سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانج لە گرەوی پتەوی و یەکێتی ریزەکانی خەڵکەکەمان و لە بەرهەمی تێکۆشان و هاوبەشی خەباتکارانی کوردستانی و کوردایەتی دایە.

بێتە دی ئاشتی هەمیشەیی!
سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازی یەکجاری نەتەوەی کورد!

**پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان_ ناوەندی دەرەوە**
**حیزبی ڕزگاریی کوردستان**
**پارتی یەکیەتی کورد لە سوریە ــ ڕێکخراوی دەرەوە**
**پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆك ).**
**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**
٢٠٠١/٩/٩

www.kurdistannet.org



# گەلالەی پێشنیار کراو بۆ دامەزراندنی ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان

کوردستانی نیشتمان لە نێوان پێنج دەوڵەتی (تورکیە، ئێران، عێراق،سوریە و ئازەربایجان) دا دابەشکراوە. خەبات لە پێناو ڕزگار کردنی کوردستان بە مرۆڤ و خاکەوە خەباتێکی ڕەوای نەتەوەیی و نیشتمانی و ڕزگاریخوازانە و مرۆڤانەیە.

نەتەوەی کورد لە وەتەی دەستەلاتی سیاسی خۆی لە دەست داوە، لە خەباتێکی نەپساوە دایە بۆ ئەوەی ئەو بارە ناسروشتیەی بە سەری دا سەپاوە، لابدرێت و بۆ دۆخی مێژوویی و ئاسایی خۆی بگەڕێتەوە و نیشتمانەکەی ڕزگار بکات.

ئەرکی هێزە سیاسیەکانی کوردستانە پێشەنگی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی بکەن و هێز و توانای خۆیان لە بەرەیەك دا ڕێك بخەن و بەرەو ئاکاری ڕزگاری و سەربەخۆیی شێلگیرانە تێ بکۆشن.

کوردایەتی بزووتنەوەیەکی خۆڕسك و هەڵقوڵاوی واقیعی کۆمەڵگەی کوردەواریە، خواست و ویستی ڕاستەقینەی نەتەوەکەمانە، هەر وەها بزاڤێکی ڕەوای ئازادیخوازانەیە وئامانجی کورتکردنەوەی دەستی داگیرکەرانە و بۆ گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان وسڕینەوەی شوێنەواری فەرهەنگی نەتەوەی سەردەست و داگیرکەر هاتۆتە گۆڕەپانی بوون و تێکۆشانەوە.

کوردایەتی لە ڕوانگەی مرۆڤایەتی و لە نێو جەرگەی کوردستانەوە لە گۆڕانکاریەکانی جیهان دەڕوانێ و بەرژەوەندی گەلی کوردستانی کردۆتە ئامانج و بۆ سەربەخۆیی کوردستانی نیشتمان تێ دەکۆشێت.

لە سەر بنەمای بڕوابوون بە ڕەوایەتی دۆزی نەتەوایەتی کوردستان، ئێمە ئالاهەڵگرانی ڕێبازی ڕزگاری و سەربەخۆیی، بە مەڕامی پتەو کردنی هێز و توانای کوردستانیان و بۆ یەکخستنی پەلەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی، دوای زنجیرە دانیشتنێکی بەردەوام و بە مەبەستی یەکیەتی و هاوخەباتی و هاواهەنگی نێوانمان ڕۆژی ٢٠٠١/٩/٩ لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دا بڕیارماندا کە ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنین.

www.kurdistannet.org



**بنەما گشتی یەکان :**

* کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنیالیە و بە سەر پێنج دەوڵەتدا دابەشکراوە. تا ئەمڕۆ سەربەخۆیی بۆ نەگەڕاوەتەوە و بە هێزی ئاگر و ئاسن بە لکێنراوی هێلراوەتەوە. بە مەش شێوەی داگیر کردنی ئاشکرای وەرگرتوە. لە ڕووی سیاسی و سەربازی و فەرهەنگی یەوە بە هەموو شێوەکانیەوە وەبەر شاڵاوو داپلۆسین کەوتوە.

* تێکۆشان لە پێناو ڕزگاری نیشتمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، خەباتێکی ڕەوا و ڕاستینە ،لە هەمان کاتیشدا تاکە ڕێگەیە.

* دۆزی کورد یەکەیەکی لێکدانەبڕاوە، دۆزێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری یە، کوردستانیش یەك وڵاتە، پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی بە ڕزگار بوون و سەرخۆبوون گرێدراوە.

* ئەزموونی ئێستای باشووری کوردستان دەسکەوتێکی نەتەوەیی یە و ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە کە لە پێناو پاراستنی دا بە هەموو توانایانەوە تێبکۆشن.

* مەرجی سەرکەوتنی دۆزی کوردستان پەیوەستە بە برایەتی و یەکیەتی نێوان لایەنە سیاسیەکانی.

* مرۆڤ و ڕێکخراوەکان ئازادن لە بیر و باوەڕی ئاینی و سیاسی خۆیاندا. هەر وەها باوەڕمان بە دێمۆکراسی و دێمۆکراتیزە کردنی کوردستان هەیە،

* هەر دەسکەوتێ لە هەر قۆناغ و بەشێکی کوردستاندا بێتەدەست پشتیوانی لێ دەکەین وبە دەسکەوتی نەتەوەیی دەناسین.

* ئێمە وەك نەتەوەی کورد باوەڕمان بە حەق و مافی هەموو نەتەوەیەك هەیە.

* گەلی کوردستان وەك هەموو گەلانی دیکەی جیهان مافی خۆیەتی قەوارەی سەربەخۆیی دروست بکات و ئاڵای خۆی هەڵبکات.

* ناوەندە سەربەخۆیی کوردستان لە پێناوی پێکهاتنی ئاکادێمی یەکی زمانەوانیی شایستە بۆ یەکگرتوویی زمانی کوردی دا خەبات دەکات.

www.kurdistannet.org



## پەیماننامەی ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان

ئەلف: ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان بەرەی ئارەزوومەندانەی ئەو پارت و رێکخراوو کەسایەتی یانەیە کە پەیماننامەی نیشتمانی پەسند دەکەن و چالاکانە بەشداری تێدا دەکەن. هەر وەها ماڵی هاوبەشی هەموو ئەو کەسایەتیە بێلایەنانەیە کە کاری تێدا دەکەن و لە هەوڵی پێشخستنی دا دەبن.

ب : (ن.س.ك)کورتکراوەی ناوەندی سەربەخۆیی کوردستانە.

ج : (ن.س.ك) ناوەندێکی گشتی سیاسی کوردستانیانە.

د : (ن.س.ك) ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان، سوور و سپی و سەوز، بە خۆری زەردەوە بە ئاڵای ڕەسمی خۆی دەناسێ.

ه : (ن.س.ك) ئارمی تایبەتی خۆی دەبێ و لە سەر نووسراوە و بەڵگەنامەکانیدا بە کاری دەهێنێ.

و: لایەنەکانی ناو ( ن.س.ك ) خاوەن تەلاری ڕێکخراوەیی خۆیانن. بە پەسەندی بەرە دەتوانن بەرە و یەکیەتی لە گەڵ لایەنەکانی دەرەوەی بەرە پێك بهێنن.

ز: ( ن.س. ك ) ڕێکخستنی لایەنە ئەندامەکانی بە ڕێکخستنی سەرەکی خۆی دەزانێ و لە خەمی بەهێزکردنیان دا دەبێت.

ح: ئەندامانی (ن.س. ك ) بۆ بە هێز کردنی بنکەی جەماوەری خۆیان لە هەر شوێنێکی کوردستاندا دەتوانن هاوکاری و پشتیوانی لە یەکتر بکەن.

ط: ئەندامانی ( ن.س. ك) بۆ داهاتوو ئەندام و لایەنگرانی خۆیان بۆ یەکیەتی گۆش دەکەن و بەرەو ئاقاری یەکگرتنی ڕێکخراوەیی کار دەکە ن.

ی : ( ن. س.ك ) لە پێناو گەیشتن بە ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان هەموو شێوازێکی خەبات و تاکتیکی ڕەوا بە پێویست دەزانێ.

ك : ( ن.س. ك ) شەڕی نێوەخۆی کوردستان بە تاوان دەزانێ و حەرامی دەکات و دژی

www.kurdistannet.org



شەڕەکانی نێوەخۆ هەڵوێست دەگرێت.

ل : (ن.س. ك)بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان باوەڕی بە دیالۆگ و دانوستاندنە.

م: ( ن.س. ك ) لایەنگیری ئاشتی و تەبایی ناوچەکەیە. بڕوای وایە تا کوردستان سەربەخۆ نەبێت، ڕۆژهەلاتی ناڤین ئاشتی وئارامی بەخۆیەوە نابینێ.

ن: ( ن.س.ك ) باوەڕی بە دۆستایەتی نێوان گەلان هەیە و خۆی بە دۆستی تەواوی گەلانی دونیا دەناسێ و لە پێناو بەرقەرار کردن و پتەو کردنی دۆستایەتی تێدەکۆشێ.

س: هەر لایەنێکی کوردستانی ئەگەر پەیمانی نیشتمانی پەسند بکات و بە نووسراو داوای بەرئەندامی بکات،بە ئەندام وەردەگیرێت.

ع: کەسایەتی نیشتمانپەروەر و بێلایەن وەك ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی (ن. س.ك ) وەردەگیرێن.

ف : سەرکردایەتی سیاسی (.ن.س.ك) لە نوێنەرانی پایەبەرزی لایەنە سیاسیەکان پێك دێت و بڕیارەکانیش بە زۆرینە پەسند دەکرێن.

ص: ئەنجومەنی ناوەندی بە پێی پێویست ئەندامی دەبێت و لە کەسایەتی بێلایەن و نوێنەرانی هێز و ڕێکخراوەکانی ناو ( ن.س. ك ) پێك دێت.

ق: ئەنجومە نی ناوەندی بالآترین دەسەلآتی ( ن.س. ك) ە ، بە پێی پێویست کۆبوونەوە دەکات.

ر: سەرکردایەتی سیاسی لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی (ن. س.ك ) بەرپرسیارە.

لایەنەکانی ئەم گەلآلەیان پێشنیار کردووە:

١ـ پارتی سەربەخۆیی کوردستان.

٢ـ حزبی ڕزگاریی کوردستان.

٣- پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانـ ناوەندی دەرەوە

٤ـ پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك).

٥ـ پارتی یەکیەتی کورد لە سوریەـ ڕێکخراوی دەرەوە

ئەم گەلآڵەیە کراوەیە. لایەنەکانی کوردستانی و کەسایەتی نیشتمانپەروەری بێلایەن دەتوانن گفت و گۆی لە گەڵدا بکەن و دەوڵەمەندی بکەن و لە دامەزراندنی (ن.س.ك ) یش دا بەشداری

www.kurdistannet.org



بکەن... ئەم گەلاڵەیە بانگەوازێکە بۆ هەموو لایەنێکی کوردستانی و کەسایەتی سەربەخۆ. ئامانج دامەزراندنی ناوەندێکی سەربەخۆیی کوردستانیانە.